# بۆچی زۆردارەکان بەشێک لە دنیای سیاسەت نین؟*

کێنێت مینۆ
وەرگێڕان: هەتاو باران

چیرۆکێک دەگێڕنەوە کە هارون ئەلرەشید، خەلیفەی بەغدا، جلوبەرگی سواڵکەری لەبەر دەکرد و ڕواڵەتی خۆی دەگۆڕی، هەتا لەم ڕێگایەوە بزانێ ژێردەستەکانی چۆن بیر دەکەنەوە. هارون، کە لە ئابلۆقەی ئەو کلکەسووتەکەرانەدا بوو کە بە دەوری هێزی بێسنووردا کۆ دەبنەوە، تەنیا لە ڕێگای خواروخێچ و ناڕاستەوخۆ دەیتوانی ڕاستیی شتەکان بدۆزێتەوە. هارون خەلیفەیەکە و بە هۆی ئەوەی کە داوای سزای مەردنی بۆ شارزاد کردبوو، ناوبانگی دەرکردووە. ئەو شارزادەی کە، هەزار و یەک شەو، هارونی بە چیرۆکە شەو لە دوای شەوەکانی گیرۆدە و شەیدای خۆی کردبوو. هارون بەردەوام لەسێدارەدانی بە درەنگ دەخستەوە و، لە ئاکامیشدا زەماوەندی لەگەڵ کرد. ئەم چیرۆکە وێنەیەکی بەناوبانگی زۆردارییە (Despotism) ، سیستمێک کە لە ڕێگەی داگیرکردنی وڵاتەکانی ترەوە پێک دێت، لەسەر ترس جێ پێی قورس و قایم دەکات و، لە هەوەسکاری و زێدەڕۆیییەوە سەر دەردێنێت.

لە سیستمێکی زۆرداریی حکومەتیدا، دوایین ڕێسای ڕێکوپێکی، لە حەز و ویستی کەسی زۆردارەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرچەند زۆردارباوەڕی سیستمێک نییە کە لەوێدا عەدالەت تەواو بێمانا بێت: بەتێکەڕایی، زۆرداری لەو کۆمەڵگا زۆر نەریتییانەدا باوە کە داب و نەریت پاشایە و هەلومەرجی عادلانە وەکوو بەشێک لە ڕێکوپێکیی سروشتیی شتەکان پەسند دەکرێت. هەر کەسێک لە شوێنی خواداوی خۆیدا جێگیر بووە. هۆزی فەرمانڕەوایان، بەگوێرەی ئەو شتەی کە چینییەکان پێیان دەگوت 'فەرمانی ئاسمانی' (The mandate of heaven)، بە دەسەڵات دەگەن و سەروبنیش دەبن، بەڵام ژیانی ڕەنجبەرەکان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. هەموو شتێک پەیوەندی بە ژیریی فەرمانڕەواوە هەیە. لە سەدەی یانزدەهەمی بەر لە زاییندا هۆزی جولەکەکان (ئیسرائیلییەکان) کە لەگەڵ فەلەستینییەکان کێشەیان هەبوو، ڕۆیشتن بۆ لای سموئیلی پێغەمبەر کە فەرمانڕەوایان بوو و داوایان لێکرد کە شایەکیان بۆ دابنێ هەتا لە نێوانیاندا قازی بێت و، لە شەڕیشدا سەرکردەییان بۆ بکات. سموئیل دژ بەو ڕەوتە، ئاگاداری پێیان دا و ئامۆژگاری کردن کە شایەکی وەها موڵک وماڵیان داگیر دەکات و وزە و تواناییان بە کۆیلە دەگرێت. بەڵام ئەوان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەیانهەوێت وەکوو نەتەوەکانی دیکە بن و دەبێت شایەکیان هەبێت. 'شا' لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مانای فەرمانڕەوایەکە کە زۆردارانە لەگەڵ ژێردەستەکانیدا هەڵسوکەوت دەکات، حاکمێک کە بەتەواوی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی پەیڕەوی دەستووری ئەورووپایی جیاوازی هەیە. دەستی ڕۆژگار وای هێنا کە جوولەکەکان بەختی باشیان هەبوو و یەک لە دوای یەک فەرمانڕەوای ناوداری وەک شائۆل، داوود و سلێمانیان بە نەسیب دەبوو. ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لە ماوەیەکی کەمدا چێژی ڕێکوپێکی و تەنانەت نەختێک شکۆ و سەربەرزیی نێونەتەوەییان بە جوولەکەکان بەخشی. ڕێگەچارەی سلێمان بۆ ئەو کێشەیەی کە تیایدا دوو ژن پێکەوە لافی دایکایەتیی منداڵێکیان لێ ئەدا، یەکێک لە بەناوبانگترین وێنەکانی ژیریی ئەفسانەییی ئەوە. بەڵام تەنانەت ئەم پاشایانەش چەوسێنەر و ستەمکاریان لێدەرهات و، لە ئاکامدا نەخشە کەشخەکانی سلێمان بارێکی وەها قورسی لەسەر شانی خەڵک دانا کە بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیسرائیل.

'زۆردارباوەڕی' بابەتێکی هەمە جۆرەیە کە جیاوازیی زۆری تێدایە. شارستانییەتە نائەورووپاییەکان نزیک بە هەمیشە بە

زۆردارییەوە فەرمانڕەوایی کراون. هەرچەند، خەیاڵی ئەورووپایی بە گشتی فەرمانڕەوایانی زۆرداری نەویستووە ـ وەکوو فیرعەونە ستەمکارەکان، ئیمپڕاتۆرە شێتەکانی ڕۆم وەکوو کەلیگۆلا و نێرۆ، ئیمپڕاتۆرە ڕەمزاوی و گۆشەگیرەکانی هێند یان چین. لە ئەورووپادا خولیای هێزی زۆرداری دەبوایە ڕواڵەتی خۆی بگۆڕێ. ئەورووپایی‌یەکان ناو بە ناوێک فریوی بۆچوونی زۆردارباوەڕییان خواردووە کە خۆی لەژێر ڕوخساری ئاواتێکی بەرزدا حەشار داوە، ـ بۆ وێنە دەتوانین باسی نموونەی هیتلێر و ستالین بکەین. ئەم ڕاستییە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئەگەری سەرهەڵدانی زۆردارباوەڕی لە هیچ کات و ساتێک یان لە هیچ شوێنێکدا دوور نییە. زۆر لە وڵاتەکان ئێستاش بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی دەکرێن و لەم وڵاتانەدا لە هەر ساتێکدا هەڕەشەی ئازار یان مردن هەیە. ژیان لەم وڵاتانە لە ژیانی ناو شێتخانەیەک دەچێت.

لەم ڕۆژگارەدا، ئێمە زۆردارباوەڕی (و هەروەها دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزم) وەکوو شێوازێک لە حکومەت پێناسە دەکەین. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، یۆنانییە کۆنەکان دەتۆقێنێت لەبەر ئەوەی پێناسەی خۆیان (و هەستی مەزنایەتییان بەسەر خەڵکانی دیکەدا) لەسەر بناغەی جیاوازیی خۆیان لەگەڵ دراوسێ ڕۆژهەڵاتییەکانیان دامەزراندبوو کە شانیان بۆ بۆچوونی زۆردارباوەڕی شل کردبوو. ئەم ناکۆکییە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سیاسەت ئەوەندە بۆ شارستانییەتی ئێمە گرنگە کە ماناکەی بە هەر گۆڕانکارییەک لە کولتوور و بارودۆخدا، دەگۆڕێت. بەم هۆیەوە، یەکەمین هەنگاوی ئێمە لە ڕەوتی تێکۆشان بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت دەبێ ئەمە بێت کە خۆمان لە دەستی باوەڕەکانمان کە هەنووکە بە ئاشکرایی لێیان تێگەیشتووین، ڕزگار بکەین. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم کتێبە ئەمەیە کە ڕاڤەی ئەوە بکات، چی ڕووی دا کە ئەو بابەتەی لەمەوبەر تێکۆشانێک بوو تایبەت و لەسەر شانی هەڵکەوتەکانی چەند وڵاتێکی ڕۆژاوایی‌یەوە، ئێستا بووەتە سەرقاڵییەکی بێ‌دەربازبوون بۆ هزری مرۆڤایەتی؟

لە سەرەتاوە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە چاوێک لەو بایەخە بکەین کە یۆنانییە کۆنەکان دەیانخستە پاڵ سیاسەت. یۆنانییەکان لە شتێک بەتایبەت ئاگادار بوون و ئەویش ئەمە بوو کە ئەوان ڕۆژهەڵاتی نەبوون. ئەوان، زۆربەی کاتەکان، ڕێزیان لە کولتوورە پڕشکۆکانی ئێمپڕاتۆرییە ڕۆژهەڵاتییەکان وەکوو میسر یان ئێران دەگرت، بەڵام، بەگشتی، بە سووکی چاویان لە شێوەی فەرمانڕەواییی ئەوان دەکرد. ئەوان ئەم سیستمە بێگانەیان ناو نابوو 'زۆرداربـاوەڕی'، لەبەرئەوەی بە ڕای ئەوان زۆرداری وەکوو پەیوەندیی نێوان خاوەنکۆیلەیەک و کۆیلەکانی وایە و جیاوازی نییە. یۆنانییەکان کە جەماوەرێکی جەنگاوەر بوون، لەم ڕەوشتەی کە ژێردەستان لە ئاستی فەرمانڕەوای ڕۆژهەڵاتیدا ملکەچ بن، بێزار بوون: ئەوان ئەم ڕەوشتەیان بە شێوەیەکی لە وزە بەدەر لە نایەکسانی لەنێوان هاوڵاتییان و فەرمانڕەواکەیاندا دەزانی. دوو هەزار ساڵ زیاتر لە دوای ئەوە، ئێمە ڕێک هەمان کرداری خۆنەویستیی ملکەچییە پەسندنەکراوەمان بۆ بە میرات ماوەتەوە. هۆکاری ڕازی‌نەبوونمان بە ملکەچی، هەتا ڕادەیەک، ئەمەیە کە زمانی ملکەچی هێمایەک بوو کە خاچپەرستی مەودای نێوان مرۆڤ و خودای پێ نیشان دەدا. کاتێک ئێمە لەبارەی ئەم بابەتانەوە قسە دەکەین، فرەتر وشەی لاتینیی 'زاڵبوون' بەکار دێنین. وشەی یۆنانیی زۆرداری و وشەی ڕۆمیی زاڵبوون هەردووکیان هێمایەکن لە شێوازێکی تایبەت لەو هێزەی کە خاوەنکۆیلە لەگەڵ کۆیلەکاندا دەینوێنێ. شێوەی نوێی بەکارهێنانی وشەی 'دیکتاتۆری' و زاراوەی نوێی 'تۆتالیتاریزم'، کە لە سەدەی بیستەمدا داتاشراون، لەو نیشانە زۆرانەن کە لەم چەرخەدا، باس لەوە دەکەن کە ئەم بیرۆکەیە سەبارەت بە تێگەیشتنی ئێمە لە خۆمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و هیچ لە دەوری کەم نەبووەتەوە.

ئەمە لە بنەڕەتی زۆردارباوەڕیدا هەیە کە تیایدا هیچ چەشنە سکاڵا و دادخوازییەک، چ لە کردەوە و چ لە یاسادا، لە بەرانبەری هێزی بێ‌سنووری خاوەنکۆیلە لە ئارادا نییە. تاکە ئامانجی ژێردەستان ڕاگرتنی دڵی فەرمانڕەوایە. نە پەرلەمانێک هەیە و نە ئۆپۆزیسیۆن، نە ڕاگەیاندنی ئازاد، نە دەزگای دادی سەربەخۆ و، نە یاسایەک بۆ پاراستنی یاسای مڵک و ماڵی تایبەت بەخۆ لەهەمبەر چاوچنۆکیی هێزی دەسەڵاتدا، بە کورتی، دەنگی شەقام نییە و تەنیا دەنگی زۆردار دەبیسترێ. سەیر لەمەدایە، بە هۆی بێ‌دەسەڵاتیی هاوڵاتییانەوە، حکومەتە زۆردارەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەبنە هۆی دروستبوونی ڕۆشنبیرییەکی دەروونی. لە بەرانبەر جیهانێکەوە کە بە هەوەسکاری هێزی دەسەڵاتەوە بەڕێوە دەچێت، دژەکردارێک خۆی دەنوێنێت و، هاوڵاتییانی خاوەنبیر دەستەوداوێنی سۆفیگەری، ڕەواقی‌باوەڕی و، شێوازەکانی دیکەی دوورەپەرێزی دەبن. لەم کاتەدایە کە بۆ دۆزینەوەی گەوهەری ژیان لە ناخی دەروون و لەوپەڕی هەستەکانەوە دەگەڕێن و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە خەیاڵ پڵاو دەزانن. دەرەنجامی ئەم ڕەوتە بەگشتی، دابەزینی ئاستی زانستی و تێکنۆلۆژیکە، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕانە لە مەودایەکی کورتخایەندا بەدی نایەن.

تەوژمی زۆرداربـاوەڕی لە دوای داگیرکردنی سوپایی‌یەوە، کە زۆربەی کۆمەڵگاکان لە ئاکامی ئەو داگیرکردنانەدا سەریان هەڵداوە، هێندە سروشتییانە خۆی دەنوێنێت کە دەبێ پێکهاتنی ڕێکوپێکییەکی شارستانی یان سیاسی بە دەستکەوتێکی نائاسایی بزانین. ئەورووپایی‌یەکان سێ جار هەلی شایانی باسی وایان بۆ ڕەخساوە؛ بەڵام دوو جاریان دەستکەوتەکەیان بەفیڕۆ چووە. یەکەمیان دەوڵەت ـ شارەکانی یۆنانی کۆن بوو کە لە دوای مردنی ئێسکەندەری مەزن کەوتنە ژێر ڕکێفی زۆرداربـاوەڕییەوە. دووهەمیان لە سەردەمی ڕۆمییەکاندا بوو، کە سەرکەوتنێکی بەرچاویان لە دامەزراندنی ئێمپڕاتۆریدا بەدەست هێنابوو و لەبەر هەمەچەشنیی ئەم ئێمپڕاتۆرییە تەنیا هێزێکی زۆردار دەیتوانی لە هەڵوەشاندنەوەی بەرگری بکات. یەکەم ئەزموون بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕەواقی‌باوەڕی و هەلێکی لەباری بۆ فەلسەفەکانی دوورەپەرێزی ڕەخساند و، دووهەم ئەزموون تۆوی خاچپەرستی چاند. لە جەرگەی خاچپەرستی و شانشینە بەربەرەکانی ڕۆژاواوە، شێوی سەدەی ناوەڕاستی سیاسەت سەری هەڵدا کە سیاسەتی جیهانی مۆدێرنیش لەم شێوە سیاسەتەوە پەرەی سەندووە. لەبەرئەوەی ئێمە لەناو ئەزموونی ئەم سیاسەتەدا دەژین، تەنیا دەتوانین لەوە تێبگەین کە هەنووکە ئەم سیاسەتە لە چ بارودۆخێکدایە و هێشتا نازانین کە چارەنووسی کۆتاییی ئەم ئەزموونە چی بەسەر دێت.

هەر چۆنێک بێت، ئێمە دەزانین کە نەریتی ڕۆژئاوایی هەتا ڕادەیەکی بەرچاو بە دژایەتیکردن لەگەڵ زۆرداربـاوەڕی پشتگەرم بووە، بەڵام هەنووکە ئەم بۆچوونە گومانی لەسەرە. لەم سەدانەی دواییدا، زۆر کەس ئارەزووی ئەوەیان کردووە کە لەو هێزە بێ‌بەرگرییەی کە تەنیا لە حکومەتی زۆرداریدا بەدی دەکرێ بۆ سڕینەوەی

کەموکوورییە ئاشکراکانی دونیاکەمان، کەڵک وەرگرن. لە ئەورووپادا پڕۆژەی زۆردارباوەڕی، تەنانەت جۆرە فەلسەفی یان ڕۆشنبیرییەکانی سەرنەکەوتوون، مەگەر ئەوەی تایبەتمەندییە ڕاستەقینەکەیان شاردرابێتەوە. لەبەرئەوەی سیاسەت هەتا ڕادەیەک شانۆگەرییەک لە خەیاڵ پڵاوە، داتاشینی ناو و چەمکی نوێ کارێکی هاسانە و لە سەدەی بیستەمدا شێوەکانی تۆتالیتێری لە خەونی حکومەتی زۆردارباوەڕی، تاقیگەکانی گەورەی سیاسییان دامەزراند کە لە ئاکامدا شێوە جیاوازەکانی پڕۆژەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بێکەموکوورییان تاقی دەکردەوە. لەم سەردەمەدا، هەموو کەسێک دەزانێت کە ئەم پڕۆژانە سەریان نەگرتووە؛ لە هەمان کاتدا زۆر بۆمان دەرنەکوتووە کە پەیوەندیی ئەم پشێوییە ئاڵۆزانە لەگەڵ مەیلێکی قووڵ لە شارستانییەتی ئێمەدا لە چ ئاستێکدایە. بە گوێرەی ئەمە، تێگەیشتنی ئێمە لە سیاسەت دەبێ خوێندنەوەی نیشانەگەلێک لەخۆ بگرێت کە بتوانن پێمان بڵێن لەژێر ڕووکەشی ئەم قەڵشانە و قەڵشەکانی دیکەی شارستانییەتی ئێمە چ شتێک ڕوو دەدەن.

یەکێک لەم نیشانانە کە باوەڕێکی هەمەلایەنەی لەسەرە، بارودۆخی هەنووکەیی جیاوازیی نێوان ژیانی تایبەت بەخۆ و مەودای گشتییە. دونیای تایبەت بەخۆ، دونیای بنەماڵەیە و هەروەها دنیای ویژدانی تاکەکەسییە. لەبەرئەوەی هەر تاکێک بۆخۆی باوەڕەکان و بەرژەوەندییەکانی هەڵدەبژێرێت. ئەم دونیا تایبەت بەخۆیە بێ دونیای گشتیی هەمەلایەنەی دەوڵەت نایەتە دی، دونیایەک کە پێکهاتەی یاساییی شیاو لەگەڵ ژیانی سەربەخۆی تاک دەستەبەر دەکات. سیاسەت تەنیا هەتا ئەوکاتەی بەردەوام دەبێت کە ئەم پێکهاتە هەمەلایەنەی یاسای گشتی سنوورەکانی

خۆی بناسێت. هەر وەکوو پێریکلیس لە وتار و هەڵبەستە بەناوبانگەکەی، بە بۆنەی بەخاکسپاردنی ئەسینایی‌یە کوژراوەکان، لە یەکەم ساڵی شەڕی پلۆپۆنێزیدا، وتوویەتی: ’ئێمە لە ژیانی تایبەت بەخۆمان، ئازادی و لێبوردەیی‌یمان هەیە، بەڵام لە کاروباری گشتیدا شوێن یاسا دەکەوین.‘ بەدڵنیایی‌یەوە سنووری ڕاستەقینەی نێوان کاروباری تایبەت بەخۆ و کاروباری گشتی، چ لە یاسا و چ لە هەڵوێستی خەڵکدا، بەردەوام لە حاڵی گۆڕانکاریدایە. هاوڕەگەزخوازی و ئایین کە لەمەوبەر لەژێر دەسەڵاتی گشتیدا بوون، هەنووکە هەتا ئاستێکی زۆر تایبەت بەخۆن، لە کاتێکدا پەیوەندیی سێکسیی بەزۆر لەگەڵ ژنان لە چوارچێوەی ژن و مێردایەتیدا [بە گوشار هاوسەر ناچار بکەیت پەیوەندیی سێکسی هەبێت] و هەروەها ئازاری منداڵان، زێدەتر لە هەموو کاتێک هاتوونەتە ژێر چاودێریی یاساوە. بڕواپێکردن بەو ڕاستییەی کە کاروباری تایبەت بەخۆ و گشتی لە یەک جیا کراوەتەوە، سیاسەت (کە دەکرێ بە کەمترخەمییەوە لەگەڵ ئازادی و دێمۆکراسیدا پێناسەی بکەین) لە زۆردارباوەڕی جیا دەکات.

لە حکومەتی زۆردارباوەڕیی کلاسیکدا هەموو شتێکی کۆمەڵگا ماڵ و مڵکی تایبەتیی زۆردار بوو، بەڵام لە جیهانی مۆدێرندا ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە هێواش هێواش و بەردەوام بە باری پێچەوانەدا هەرەسی هێناوە: چەند بەشێکی هەرە گەورەتر لە ژیانی تایبەت بەخۆ کەوتوونەتە ژێر چاودێریی گشتییەوە. ئەگەر بە هەر شتێک کە مشتومڕی لەسەر بێت بڵێین ’سیاسی‘ و ئەگەر (هەر وەکوو ئەو دروشمە بەناوبانگە دەڵێت) ’شتی شەخسی سیاسییە‘، هیچ شتێک لە دەرەوەی مەودای کۆنترۆڵی حکومەتدا نامێنێت. ئەم بەڵگەیە لە لایەن هەمووانەوە پەسەند

نەکراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت گریمانەی سەرەکیی تۆتالیتاریزم لە سەدەی بیستەمدا بووە و دەرەنجامە ئاشکراکەشی ئەوە بووە کە تاک لەنێوان سیستێمێکی کۆنترۆڵی یەک پارچەدا قەتیس کراوە و میراتی بازنە جیاواز و سەربەخۆکانی (ئابووری، ئایینی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و یاسایی) خاپوور کراوە، ئەو بازنانەی کە دەوڵەتە مۆدێرنەکان هەتا ئەم دواییانەش کەڵکیان لێوەردەگرت.

دروشمگەلێک وەک ’شتی شەخسی سیاسییە‘ دەیانەوێ دەمامکێک بۆخۆیان دروست بکەن و لە پشتییەوە خۆیان بشارنەوە، هەتا وەکوو حەقیقەتێک خۆیان بنوێنن. مانای ئەم جۆرە دروشمانە بە تێکڕایی نادیارن، بەڵام ئەم دروشمانە مانا و چەمکی شاراوەیان تێدایە و ڕەنگە لە هەلومەرجی نوێدا سەرهەڵبدەنەوە و ببنە ویست و خواست بۆ ئەو سیاسەتانەی کە لەگەڵ بایەخە بەنرخەکانی ئێمە، وەکوو ئازادیی تاک، دژایەتییان هەبێت. دەڵێن بەهای ئازادی وریایی‌یە و یەکێک لە شێوازە گرنگەکانی وریایی، وردبوونەوە لە ڕەوانبێژیی سیاسییە کە زۆربەی کات بۆمان دەردەخات کە ڕاستیی شتەکان لە کوێوە سەر دەردێنن.

سەرەتای ژیری لە سیاسەتدا وردبوونەوە لە نیشانەکانی گۆڕانە. سیاسەت کە شانۆگەرییەکی خەیاڵ پڵاوە، ماناکانی بۆ ئەو کەسانەی کە چاویان بەوردی نەکردووەتەوە، ئاشکرا ناکات. ڕاستی و گومان بابەتەکانی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی سیاسین. کێشە لە هەمان ناوی دامەزراوەکانەوە دەست پێدەکات. زاڵبوونی شێوەکانی ڕۆژاوایی ئەو مانایە دەگەیەنێت کە ئێستاکە هەموو وڵاتەکان جۆرێک لە سیاسەت، و کۆمەڵێک لە دامەزراوەکانیان ـ وەکوو پەرلەمان، دەستووری بنەڕەتی، بڵاوکراوەی مافەکان، یەکیەتیی کرێکاران، دادگاکان، ڕۆژنامەکان، وەزیرەکان و هتد ـ هەیە کە وا دەنوێنێت

کە لە هەموو شوێنێکی جیهان کاروبار بە یەک شێوە بەڕێوە دەچێت. قسەیەک لەمە ناڕاستتر ناکرێ بگوترێت. بۆ وێنە لە ژاپۆن مەقامێک هەیە بە ناوی سەرۆک وەزیران و گەلێک جار ئەمە ڕووی داوە کە دەوڵەتپیاوانی بیانی کێشەیان بۆ پەیدا بووە، کاتێک تێنەگەیشتوون کە ڕادەی دەستێوەردانی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن لە سیاسەتی ناوخۆدا کەمتر لە فەرمانڕەواکانی وڵاتانی ترە. هەروەها، لە ساڵی ١٩٣٦، ستالین دەستووری بنەڕەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی بڵاو کردەوە (کە بە بڕوای زۆر کەس پێشکەوتووترین دەستووری جیهان بوو)، یاسایەک کە لێوانلێو لە مافەکان و هەروەها پاراستنی مافەکانی خەڵکیی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ڕاستی ئەمە بوو کە ستالین ڕێک لە هەمان کاتدا خەریکی ’سڕینەوەی‘ هەڵکەوتووەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە دادگا ساختەچییەکاندا بوو. بە ملیۆنان هاوڵاتیی ئەو وڵاتە سینگیان بە فیشەک کون کرا. درۆکردنی سیاسەتمەداران شتێکی دەگمەن و سەیر نییە، بەڵام ئەوەی سەرسووڕهێنەرە، پەیوەندیی ئاڵوز لەنێوان ناوەکان و ڕاستییەکاندایە.

لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ناوی سیاسەت بۆخۆی ئەم ئاڵۆزییە زیاتر نیشان دەدات. کاتێک چەمکەکان ئەوەندە دەکێشرێن هەتا دەپچڕێن، کەڵکی خۆیان لەکیس دەدەن. لەمەوبەر ’سیاسەت‘ تەنیا بە کرداری پاشاکان، پەرلەمانتارەکان، وەزیرەکان و بە کرداری ئەو سیاسەتمەدارانەی کە سیاسەت یاریدەر یان ڕێگرییان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بوو، دەگوترا. هەر شتێک بێجگە لەمانە ژیانی کۆمەڵایەتی یان ژیانی شەخسی بوو. لەگەڵ فراوانبوونی هێزی حکومەتەکان، خەریکە هەموو شتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان ’سیاسی‘ وەسف دەکرێت، ئێمە لێرەدا تەنیا دەتوانین

یەکێک لە هۆکارە زۆرەکانی ئەم بابەتە باس بکەیـــن. حکومەتـــەکان دەیانهەوێت هەموو کارە چاکەکان بەنـــاوی خۆیانەوە دەربچێت و ئۆپۆزســـیۆنیش پێی خۆشە تاوانی هەموو خراپییـــەکان بخاتـــە ئەســـتۆی حکومەت. حکومەتەکان و ئۆپۆزســـیۆنەکانیان، شان بە شانی یەک، خەریکی پرش و بڵاوکردنەوەی ئەم بیرۆکەن کە هەموو شتێک، چ چاک و چ خراپ، بە هۆی شێوەی ڕەفتاری سیاسییەوە دێتە ئاراوە. ئـــەم بیرۆکەیە هاوڵاتییان هان دەدات کە چاویان لە دەستی حکومەتێک بێ کـــە وا دەردەکەوێ هەمـــوو خێرەکان لە لای خۆیەوە ســـەرچاوە دەگرێت و هەر ئەمـــەش دەبێتە هۆی ئەوە کـــە بیرۆکەی هەموو شـــتێک پتەو ببێتەوە، لە ڕاســـتیدا سیاسییە.

هۆیەکـــی تریـــش هەیە کـــە بۆ چی دەور و مانای سیاســـەت گەشەی کردووە. سیاســـەت لە ئەورووپادا لـــە ڕۆژگاری زۆر کۆنەوە کاری پاشـــاکان و بەردەستەکانیان بـــووە و، مێژووش بە شـــێوەیەکی بەربڵاو، بەسەرهات و کردەوەی ئەوانی گێڕاوەتەوە. بۆیە دەســـتکەوتی بەشـــداری کـــردن لە سیاسەتدا جۆرێک لە نەمری بووە. کاتێک فیدڵ کاسترۆ لە ســـاڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەم جـــار هەوڵـــی دا حکومەتی کوبـــا بخاتە ژێر دەســـتی خۆیەوە و ســـەرنەکەوت، لە دادپرسییەکەی خۆیدا و لە وتاری بەرگری کـــردن لە خـــۆی، جـــاڕی دا: 'مێژوو من دەبەخشـــێت'. ئەو خۆی وەک ئەکتەرێک لەسەر سەکۆی شانۆگەریی مێژوو دەنواند. هـــەر کەســـێک کە بـــە شـــوێن جۆرێک لە نەمریـــی مێژووییەوەیـــە، دەڕواتە ناو کاروباری سیاســـەتەوە. کرۆموێڵەکان، ئیتر نایانەوێـــت 'تاوانبار نەبن لە خوێنی ڕژاوی وڵاتەکەیان' و ئاکامی هەڵســـوکەوتەکەیان بێدەنگی لە گۆڕستانی دەرەوەی شار بێت. ئـــەوان دێنە نـــاو جەرگەی سیاســـەتەوە.

شۆڕشی فەڕانسە ڕێک هەر ئەم ناوبانگەی بۆ کەسانێک وەک ڕۆبێســـپایرێ، دانتۆن، مێرات، شارلۆت کۆردەی، خاسخوا ژوست و کەسانی دیکەش بەرهەم هێنا کە ئەگەر وا نەبوایە، کەسانێکی بێناویان لێ دەردەهات. شۆڕشگێڕان ئەو ئەکتەرانەن کە وێنەکانیان لەســـەر دیوارەکانی مێژوو هەڵدەکەندرێت. ئەمانە چەنـــد نموونـــەی کەموێنەن و لە زۆربەی کاتدا ئەم هەســـتە بەجۆشـــە بە شـــێوازێکی هێمنانەتر وەکوو بەخشـــینی مافی دەنگدان بە هەموو کەســـەکان هێور کراوەتەوە. بێگومان مافی دەنگدانی گشتی شێوەیەکی ئاوساوە کە بایەخی دەنگەکانی کـــەم کردووەتەوە، بەڵام مافـــی دەنگدان هێشـــتا بەشـــێکی بنەڕەتیی تێگەیشتنی ئێمە لە دەرفەتێکی شـــیاوی مرۆڤ بوونە. 'ئالیس جێ پەنجەی لەســـەر مێژوو دانا'، ئەمە ســـەردێڕی ڕاپۆڕتـــی ڕۆژنامەیەکی بریتانیایی لەبارەی کەســـێکی ڕەشپێستی بەساڵداچووی خەڵکی ئەفریکای باشوور بوو کە لە ســـاڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەم جار دەنگی ئەدا.

ئێمـــە مۆدێرنـــەکان (و بەتایبـــەت ئەو کەسانەی خۆیان بە پۆستمۆدێرن دەزانن) لەوانەیە بە شـــێوەیەکی نائاسایی کەوتبینە ناو گێژەنی سەرلێشێواوی لەبارەی سروشتی سیاســـەتەوە: ئێمـــە چەنـــد بەڵگەیەکـــی کارامەمان دروست کردووە کە بکەوینە ئەم خەیاڵـــەوە، بیرۆکەکانی ئێمە لە بیرۆکەکانی باوباپیرانمان مەزنترن. هەموو کولتوورەکان باوەڕیان وایە کـــە تەنیا بیرۆکەکانی خۆیان بەجێن، بەڵام ئەمڕۆکە خەڵکانی خوێندەوار بەپێچەوانەی ئـــەو چاوەڕوانییەی کە لێیان دەکـــرێ، لەناو پێشـــداوەرییەکانی چەرخی ئێســـتادا گیرۆدەن. بـــۆ وێنـــە دۆکترینی پێشکەوتن بە زۆرینەی خەڵک وایگەیاندبوو کە بیروباوەڕە چەسپاوەکانی ئێمە، لە بیرۆکە ئاشـــکرا عەیبدارەکانی ڕابوردوودا تەواوترن.

هەڵبەت شـــێوازی ڕۆشـــنبیریی هاوچەرخ بیرۆکەی پێشـــکەوتن پەســـەند نـــاکات و دەست دەخاتە سەر ئەم خاڵە کە ئێمە هەتا چ ڕادەیەک مۆرکی شـــوێن و کاتمان پێوە دیارە؛ ئەم شـــێوازە نوێیە شـــایەتی دەدات کە هەموو کولتوورەکان پێکەوە یەکســـانن. ئەم شـــێوازە بیرکردنـــەوە لـــە ڕواڵەتدا لە جۆرێک گومانباوەڕی دەچێت کە ئێمە لەو لەخۆباییبوونەی کـــە باوباپیرانمانی گیرۆدە کردبـــوو، ڕزگار دەکات. لەبەرئـــەوەی وا دەردەکەوێت ئەم بۆچوونە بیروباوەڕەکانمانی هەتا ئاستێکی یەکسان لەگەڵ بیروباوەڕەکانی هەر کەســـێکی تـــر دادەبەزێنێـــت. بەڵام ئـــەم ڕواڵەتە خەیاڵ پـــڵاوە. گومانباوەڕیی هاوچەرخ بێفیزییەکی درۆیانەیە، کە لەژێر دەمامکیەوە بۆچوونێکی دوگم خۆی حەشار داوە. کراوەییـــی ئێمە دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤباوەڕیی ڕێژەباوەڕانـــەی ئێمە لە هەر دوو بۆچوونی دوگمبـــاوەڕی لە ڕابوردوودا و نالێبوردوویـــی کولتوورەکانی دیکە مەزنتر بێت.

کەواتە هەر کەسێک لەبارەی سیاسەتەوە دەنووســـێت، دەبێ لەبەرانبەر هەڕەشـــەی تەسکی بیروراکان لە چاخی خۆیدا ئاگاداری بدات و بەدڵنیاییەوە پێویســـتیی ئەم کارە لـــەم ڕۆژگارەدا کەمتـــر لە ڕابـــردوو نییە. هۆکاری ئـــەوەی کە خوێندنی سیاســـەت هەمیشـــە لە ناوەندی پـــەروەردەی لیبراڵدا [ئازاد] بووە، هەر ئەم هەڕەشەیە بووە کە زۆر کەس ئاگادارییان لێـــی هەیە. بەگزادەکانی یۆنـــان و ڕۆم، یاســـا، فەلســـەفە و هونەری وتاری گشـــتییان دەخوێند هەتا ئەو ئەرکە سیاســـییەی کە لە کاتـــی لەدایکبوونیانەوە پێیان ســـپێردرابوو، بەجێ بهێنن. سیاسەت دەیتوانی ناوەرۆکی پەروەردە بێت لەبەرئەوەی بە خێرایی بووە هەڵسوکەوتێکی وشیارانە کە هزری دەورووژاند و نووســـراوەی کەشخەی لێ بەرهەم دەهات. فەیلەسووفەکانی وەکوو ئەفلاتون و ئەریستۆ پێکهاتە چەمکییەکەی ئەم بابەتەیان بەوردی ســـاز کرد، کۆمەڵێک مێژوونووس وەکـــوو هیرۆدۆتوس چیرۆکی گەشەی سیاســـەتیان بەردەوام هێشتەوە و زانیارانی زانســـتی سیاسی (وەکوو ئەریستۆ) یاسا بنەڕەتییەکان و چۆنیەتیی ئیش و کاری دامەزراوەکانیان ڕاڤە کرد، ئیساپ حیکمەتی سیاسی بۆ ئەفسانەیەک گۆڕی، وتاربێژانێکی لەبیرنەکراو وەکوو دێمۆستێنێس و سیسێرۆ شـــێوازەکانی بەڵگەهێنانەوەیان کۆ کردەوە کە بـــۆ ڕازی کردنی بیســـەران زۆر گونجاو بوون، شاعیرەکان هەڵبەستیان بۆ لاواندنەوە و پللارتێگرتن بە ناوەرۆکێکی سیاســـییەوە نووسی و هەلومەرجی سیاسی زیاتر لە هەموو ڕووداوێک ئاگریان لە خەیاڵی شەیکسپیر و شانۆنووسەکانی دیکە بەردا. هیچ شێوازێک لـــە تێگەیشـــتن و خەیاڵکردنـــەوە نییە کە سیاســـەتیان بـــۆ ناوەرۆکـــی بابەتەکانیان هەڵنەبژاردبێت.

زۆر یەک لەمانە ئاوێنەی سیاســـەتن و گەوهەری سیاســـەت تەنیا کاتێک دەکرێ فـــام بکرێ کە ئەم وێنانـــە ببن بە یەکێک و نەخشـــەیەکی پێکەوە لکاو بۆ تێگەیشتن لـــە سیاســـەت ڕێـــک بخرێـــت. خێراییی سیاسەتمەدارێک و بێلایەنیی مامۆستایەکی زانکـــۆ هەردووکیان بە یەک ڕادە شـــتیان هەیە کە بە ئێمەی بڵێن. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەیـــن لە هەردووکیان کەڵـــک وەربگرین. ئەوەی کە ماکیاڤێلی لەژێر ناوی 'حەقیقەتی کاریگەر' لە سیاســـەتدا بیری لێدەکردەوە، تەنیا پەیوەندی بە تێکۆشەرێکی سیاسییەوە هەیە. ئەم ڕوانگەیە زۆر لە شـــتەکان لەبیر دەکات. ئێمە دەبێ بە وردبوونەوە لە بیرۆکە زۆر جیاوازەکانی کەسانێک دەست پێبکەین کە بناغەی تێگەیشتنی ئێمەیان لە سیاسەت داناوە: یۆنانییەکان و ڕۆمییەکان.

*. https://academic.oup.com/book/378/chapter-abstract/135193593?redirectedFrom=fulltext